سودانی و فراکسیۆنی هێزی حیکمەت جەخت لە پێویستی یەکخستنی هەوڵەکانی هێز نیشتمانییەکان دەکەنەوە

محەمەد شیاع سودانی، سەرۆک وەزیرانی عێراق، ئەمڕۆ پێنجشەممە، لەگەڵ ئەندامانی فراکسیۆنی پەرلەمانیی هێزی حیکمەی نیشتمانی، جەختیان لەسەر پێویستیی یەکخستنی هەوڵەکانی هێزە نیشتمانییەکان کردەوە بە بەهێزکردنی سەقامگیری.

نووسینگەی هاگێیاندنی سەرۆک وەزیران لە هاگێیندراوەکدا کە بە ئاژانسی هەواڵی عێراقی (INA) ی ناردووە، ئاماژەی بەوە کردووە: محەمەد شیاع سودانی، سەرۆک وەزیران، پێشوازی لە ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران لە فراکسیۆنی هێزی حیکمەی نیشتمانی کرد.

هاگێیندراوەکە دەڵێت: لە دیدارەکەدا باسی دوایین پێشهات و گۆڕانکارییەکانی وڵات کرا، و جەخت کرایەوە لەسەر پێویستیی یەکخستنی هەوڵەکانی هێزە نیشتمانییەکان بە بەهێزکردنی سەقامگیری و بەردەوامبوونی بوژانەوەی ئابووری و گەشەپێدان، ئەمەش لە ڕێگەی دەرکردنی ئەو یاسایانەی خزمەت بە هاووڵاتیان دەکەن و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی بەدی دەهێنن.

هەروەها هاتووە: جەخت لەسەر گرنگیی کارکردن و هەماهەنگی بە دیدگایەکی هاوبەش کرایەوە، بە جۆرێک کە خواستەکانی گەلی عێراق بەدی بهێنێت و بەرژەوەندیی باڵای وڵات بخاتە پێش هەموو شتێک، بە بەردەوامبوون لە کاروانی ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدان و جێبەجێکردنی کارە لەپێشینەکانی قۆناغی داهاتوو.